# دانا ڕەئووف "خەونەنمایشێك" بڵاودەكاتەوە




■ ئا: شکار ئەحمەد

شانۆکار و نووسەری کورد، دانا ڕەئووف کتێبێک بەناوی (خەونەنمایشێک، سەرەتایەک بۆ مۆدێرنیزم لە شانۆی ئەوروپیدا) بڵاودەکاتەوە کە لێکۆڵینەوەیەکی شیکارییە بۆ دەقێکی شانۆیی نووسەرێکی سویدی.

دانا ڕەئووف لەبارەی ناوەڕۆکی کتێبەکە بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەم کتێبە لێکۆڵینەوەیەکی شیکارییە سەبارەت بە دەقی (خەونەنمایشێک)ی نووسەری گەورەی سوێدی ئاگۆست ستریندبێرگ. خەونەنمایشەکەی ستریندبێرگ کاتی خۆی و تائێستاش ڕۆڵێکی گەورەی گێڕاوە لە ڕەوتە مۆدێرنەکانی شانۆی جیهانیدا، سەدان لێکۆڵینەوە و کتێبی بە زمانە جیاوازەکان لەسەر نووسراوە".

گوتیشی: "کتێبەکە بریتییە لە پێشەکییەک و حەوت بەش؛ لەم بەشانەدا هەموو لایەنەکانی دەقەکە، بۆ نموونە ناوەڕۆک، هێڵە فەلسەفییەکان، پاشخانە میتۆلۆژییەکان، کارەکتەر، تەکنیک و دیدە هونەرییەکانی دەقەکە، مەودا و هزر و سمبۆلەکانی خەون، چۆنیەتی بەرجەستەکردنی خەون لەسەر شانۆ، تێکەڵاوکردنی مەسەلەکانی خەون و واقیع، خوێندنەوەیەکی گشتگیر بۆ سمبۆلەکانی دەقەکە باسیان لێوەکراوە. هەروەها ئاوڕێکی تەواو لە ڕەوش و ژیانی (ستریندبێرگ)یش دراوەتەوە، بەتایبەتی لە کات و ئەو سەردەمەی دەقەکەی تێدا نووسراوە و ئەو هەلومەرج و پاشخانە فکری و دەروونیانەی ستریندبێرگ کە لە پشت نووسینی دەقەکەوەن".

دانا ڕەئووف پێشیوایە ئەم کتێبە ڕێپیشاندەری هەموو کەسێکە: دەرهێنەر، ئەکتەر و تەنانەت ڕەخنەگرەکانیش کە لە ئایندەدا بیانەوێت لە شانۆنامەی (خەونەنمایشێک)دا کاربکەن.

ئەم کتێبە یەکەم بڵاوکراوەی ناوەندی (تاڤ)ە لە سلێمانی کە لەگەڵ ژمارە یەکی گۆڤاری تاڤ، هەفتەی داهاتوو بڵاودەکرێتەوە.

# کتێبێكی نوێ لەبارەی گۆرانی شاعیر




■ ئا: ئەدەب و کولتوور

(لیریکی گۆران لە ڕوانگەی بونیادگەریی کراوەو تەواوکارانەوە) ناونیشانی کتێبێکی نوێی هەرێم عوسمانە کە لە داهاتوویەکی نزیکدا دەکەوێتە بازاڕەوە.

نووسەر لەبارەی ئەم کتێبە بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی گوت: "ئەم کتێبە لە سێ بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم تەرخانکراوە بۆ چەمک و زاراوەی لیریک و ئاوێزانبوونی لەگەڵ ژانر و هونەرەکانی دیکە و بابەتی لیریک. بەشی دووەم پراکتیککردنی بەشی یەکەمە لەسەر دیوانی گۆران کە تێیدا لیریکی گۆرانمان لەسەر ئاستی قەبارە و ژانر و شێواز و بابەت شیکردووەتەوە، باسی چیرۆکە شیعر و ئۆپێرا و ئۆپەرێت و ستانزاو جۆرەکانیمان کردووە. دواتریش بابەتەکانی لیریکی شاعیرمان باسکردووە. بەشی سێیەم کە ڕۆحی کارەکەی تێدا بەرجەستە بووە و زۆرترین قەبارەی کتێبەکەی داگیرکردووە، بۆ شیکردنەوەی شیعرەکانی گۆرانە بەپێی میتۆدی بونیادگەری و تەواوکارانەی یوری لۆتمان. لەم بەشەدا نۆ چەمکی زانای ناوبراومان هێناوە و لەپاڵ ڕوونکردنەوە بۆ چەمکەکە، لەسەر شیعرەکانی شاعیر جێبەجێمان کردووە، ئەمەش زیندوێتی کارەکەی دەرخستووە کە تیۆر و پراکتیک هاوڕێگە بۆ ڕۆشنکردنەوەی شیعرەکان ئەنجامدراوە".


گوتیشی کە لە کتێبەکەدا چەند چەمک و بوارێکی گرنگ ئاوڕیان لێدراوەتەوە، لەوانە (سروشتی شیعر، لادان و نامۆیی، پەیوەندیی تێکست و سیستم، پارالێلیزم، ئاستی لێکسیکی شیعر، شیعر وەک یەکێتی..) هەریەک لەم بوار و چەمکانە توانیویانە بەباشی لەگەڵ ڕۆحی شیعرەکانی شاعیر بێنەوە و ڕۆشنی بکەنەوە.

ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا نامەی ماستەری هەرێم عوسمانە کە لە ساڵی 2017 پێشکەش بە زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زمان، بەشی کوردی کراوە. نامەکە بەسەرپەرشتی پرۆفیسۆر ئەنوەر قادر محەممەد نووسراوە،

ئەم کتێبە 412 لاپەڕەیە و ناوەندی کولتووریی کۆچ چاپی دەکات.

ئەمە حەوتەمین کتێبی نووسەرە تا ئێستا بەچاپ گەیشتبێ.

# كتێبێك لەبارەی كتێب بڵاودەكرێتەوە




■ ئا: شکار ئەحمەد

محەممەد جەمیلی نووسەر، هەفتەی داهاتوو نوێترین کتێبی خۆی بەناوی "تێڕوانینمان بۆ کتێب" لە باشووری کوردستان بڵاودەکاتەوە.

محەممەد جەمیل لەبارەی ناوەڕۆکی کتێبەکە بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی گوت: "ناوەڕۆکی کتێبەکە پێکهاتووە لە کۆمەڵێک بابەتی پەیوەندیدار بە کتێب لە باشووری کوردستان، لەوانەش خوێنەری کتێب، نووسەری کتێب، چاپکردنی کتێب. هەروەها باس لە تێڕوانینی خوێنەری کورد بەرامبەر کتێب لە باشووری کوردستان لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو تاوەکو ئێستا دەکات".

نووسەری کتێبەکە دەشڵێت: "ئەو کتێبە یەکەمین کتێبە لەبارەی تێڕوانینی کورد بۆ کتێب، کە بە کوردی و لەلایەن نووسەرێکی کوردەوە نووسرابێت، هەروەها یەکەم داتایە لە باشووری کوردستان لەبارەی تێڕوانینمان بۆ کتێب لەنێو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردی، هەرچی بابەتی پەیوەندیدار بە کتێب هەیە لەو داتایەدا هەیە".

بەشێکی دیکەی کتێبەکە بە گوتەی محەممەد جەمیل وەڵامی ئەو پرسیارانەیە کە دەربارەی کتێب و خوێندنەوە لە کوردستان دێنە پێشەوە، لەوانەش بۆچی خوێندنەوەی کتێب لە باشووری کوردستان نەبووە بە کولتوور، چۆن کتێب هەڵبژێرین، چۆن کتێب خوێندنەوە بکرێت بە کولتوور و و پرسیارگەلی دیکەش".

# فەروخ نیعمەتپوور كۆچیرۆكێكی كوردی و فارسی بڵاودەكاتەوە




■ ئا: شکار ئەحمەد

تازەترین کتێبی فەروخ نیعمەتپوور بەناوی "نیشتمان بە زمانی با دەدوێ" بڵاوکرایەوە کە کۆچیرۆکێکی کوردی و فارسییە.

نووسەر بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "(نیشتمان بە زمانی با دەدوێ) 35 کورتە چیرۆکی لەخۆ گرتووە کە 10 دانەیان بە زمانی فارسین، هەربۆیە کتێبەکە کۆچیرۆکی کوردی و فارسییە".

کتێبەکە لەلایەن چاپخانەی (گوتار)ەوە چاپ و بڵاوکراوەتەوە، بۆ یەکەمجار لە پێشانگای کتێب لە سنە بەرچاو خراوە.

لەبارەی ناوەڕۆکی چیرۆکەکان، فەروخ نیعمەتپوور دەڵێت: "چیرۆکەکان جۆراوجۆرن. ناوی کتێبەکەش لە یەکێک لە چیرۆکەکانەوە وەرگیراوە کە تێیدا باسی (کۆچ) دەکات. باسێک کە بەردەوام لە بەرهەمە جۆراوجۆرەکانمدا دووپاتکراوەتەوە، هەرجارە هەوڵم داوە بەشێوازێکی دیکە لە دەقی چیرۆکدا بیگێڕمەوە. گێڕانەوەیەک کە تەنیا سنوورە جوگرافییەکان ناگرێتەوە و هەوڵ دەدەم مانای کۆچ بکەم بە بنەڕەتێک بۆ ڕوانین لە زۆر شتی دیکە".

دوو ساڵ لەمەوبەر فەڕوخ نیعمەتپوور خەڵاتی نێونەتەوەیی برایم خانی یونسی لە بواری ڕۆماندا وەرگرت، تاوەکو ئێستاش شەش ڕۆمانی چاپکراوی هەیە و یەکێکیشی چاوەڕوانی چاپە، 11 کتێبی کۆچیرۆکی هەیە، یەکی دیکەشی چاوەڕوانی چاپە.

# نامە ئەکادیمییەکان

# (هەڵوێست لە شیعری کوردیدا ١٨٠٠-١٩٧٠)




هەرێم عوسمان



مامۆستا لە زانكۆی سلێمانی

(هەڵوێست لە شیعری کوردیدا 1970-1800) ناونیشانی نامەیەکی دکتۆرایە کە ساڵی 2002 لەلایەن (قومری سەعید عەزیز) نووسراوە و یەکەم ژن بووە دکتۆرای لە ئەدەبی کوردیدا هێناوە. نامەکە بۆ لێکۆڵینەوە و نیشاندانی هەڵوێستی شاعیرانی کوردە بەرامبەر بە شۆڕش، دیاردەو ڕووداوەکان.. لە چوار بەش پێکهاتووە کە هەر بەشێک وێڕای لایەنی تیۆری، بە پراکتیکی شیعری شاعیران بە نموونە دەهێنێتەوە:

بەشی یەکەم، شیعر و هەڵوێست: پاش هەڵوەستەیەکی کورت لەبارەی شیعر و کارکرد و مۆتیڤەکانی، هەڵوێستی شاعیر بەرامبەر بە جیهان، شتەکان و ڕووداوەکان، چەند پانتاییەک باسدەکات. پێیوایە شاعیر کاریگەریی شتەکان و ڕووداوەکانی لەسەرە، هاوکات ئەویش وەک خاوەن پەیام کاریگەری لەسەر کۆمەڵ و ڕووداوەکان دادەنێت. ئەو پانتاییانەش بریتین لە: (شیعر و جەنگ، شیعر و ئەزموون، شیعر و سیاسەت، شاعیر و هەڵوێست). جەختی سەرەکی توێژەر لەسەر (شیعر و سیاسەت)و (شاعیر و هەڵوێست) ە. پێیوایە سیاسەت وەک هونەر و زانستێکی پڕبایەخ کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی لەسەر جەستەی گەل و تاک جێدەهێڵێت، شیعری سیاسیش تایبەتمەندی و زمان و خوێنەری خۆی هەیە؛ کە پاڵنەرەکەی زیاتر واقیعە نەک جیهانی ناوەوەی شاعیر؛ تێماکەشی گشتیە نەک تایبەتی. بەو پێیەی نەریتی تێگەیشتن لە شیعر زیاتر ڕەهەندی خودیی بووە، ئەم لێکدژیە وا دەکات شاعیر بۆ بابەتی سیاسی وریایانە مامەڵە بکات، لێرەدا سوود لە شێرکۆ بێکەس وەردەگرێت کە پێیوایە "سیاسەت دوو دەمە، کە نەتزانی چۆنی بەکارئەهێنی ئەشێ بکوژی شیعربێ...سیاسەت سوڵتەیە و وەرامی ئامادەیە، بەڵام شیعر بەردەوام پرسیارە".

توێژەر دەڵێ دەبێ شاعیر وریا بێت لەوەی سیاسەت ڕەهەندە ئەدەبی و ئیستاتیکیەکەی شیعر نەکوژێت، ئەگەرنا ئەوە شیعرەکە دەبێتە هەڵچوونی سیاسیو لافیتەی ئاشکراو ڕاستەوخۆ. پاشان پرسیاری ئەوە دەکات کە سیاسەت چ پێویستیەکی بە شیعر هەیە؟ دواتر لەڕێگەی کاریگەریی شیعر لەسەر خەڵکو، خەڵکو واقیع لەسەر شاعیر باسی ئەو پێویستیە دەکاتو پرسیارێکی دیکە دەهێنێتەئاراوە کە ئەگەر ئەوەندە سیاسەتو ئەدەب ئاوێزانن ئەی بۆچی هەندێجار سیاسەت دەبێتە بکوژی ئەدەب؟ توێژەر بە بەستنەوەی داهێنان بە ئازادییەوە و بەسوودوەرگرتن لە وتەیەکی جوبران خەلیل جوبران وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە "مرۆڤ دەتوانێت ئازاد بێت، بەبێ ئەوەی مەزن بێت، بەڵام هەرگیز ناتوانێت مەزن بێت ئەگەر ئازاد نەبێت، شاعیر بۆ ئەوەی مەزن بێت دەبێت ئازاد بێت".

دواتر توێژەر باسی هەڵوێستی شاعیر دەکات و پێیوایە شاعیران لەلای خەڵک ڕێزلێگیراون بۆیە کاریگەرن، هاوکات نابێت شاعیر بێلایەنو دوورەپەرێز بێت؛ بۆیە شیعر بەجۆرێک پابەندی سەردەم و کات و واقیعی خۆیەتی، لێرەشدا شیعرێکی ئەحمەد موختار بەگی جاف دەهێنێتەوە:

شاعیرانی کورد بەسە، بەس باسی زوڵفو چاو بکەن

**کەم خەیاڵی پەرچەم و کاکۆڵی ئاڵۆزاو بکەن**
**لابدەن کەم باسی سونبول، یا لقی لاولاو بکەن**
**ئێوە تەدبیرێکی حاڵی قەومی دڵ سوتاو بکەن**

توێژەر نموونەی شیعری گۆران و زێوەر و بێکەس دەهێنێتەوە کە چۆن شیعریان بەهۆی کاریگەریی واقیع و دۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان نووسیوە، شیعرەکانیان توانیویەتی ببێتە جەماوەری و کاریگەری لەسەر خەڵک هەبێت. توێژەر دەڵێ، پاش جەنگی جیهانیی یەکەم شیعری نەتەوەیی سەریهەڵداوەو گەشەی کردووە. پێشیوایە کورد هەمیشە لە دۆخی بەرگریکردندا بووە کە ئەمەش لە نووسینەکانیاندا ڕەنگیداوەتەوە.

بەشی دووەم، کە دوو پارە، پاری یەکەم بۆ باسکردنی میرنشینی بابان و ئەدەبیاتەکەی [زیاتر شاعیرانی کلاسیک] تەرخانکراوە، توێژەر پاش باسکردنی باری سیاسیی میرنشینەکە کە دەوڵەتی عوسمانی و ئێران [هاوکات میرەکان خۆشیان] کاریگەری خراپیان بەسەریەوە هەبووە، باسی ڕۆڵی (شار و هەڵوێست) دەکات، کە چۆن میرەکان بە دروستکردنی شار و ئاوڕدانەوە لە پێشخستنی لایەنی ڕۆشنبیری و دروستکردنی پانتایی نوێ بۆ ئەدەبیات توانیانە کاریگەری لەسەر شاعیرانی وەک (عەلی بەردەشانی، مەولانا خالید، نالی، سالم...)دابنێن، لەسەر هەرسێ ئاستی:

1- فراوانکردنی فەرهەنگی شاعیر و شیعر.
2- گەشەکردنی زمان.
3- جیهانبینی.

توێژەر پێیوایە ئەو شاعیرانە بەهۆی ئاشنایی و تێکەڵاوی بە ئەدەبیاتو کولتوور و زمان و ئاینی وڵاتانی زلهێزی دراوسێ (عەرەب، تورک و فارس) توانیویانە بیرکردنەوەیەکی فراوانیان هەبێت کە ئەمەش وایکردووە کاردانەوەیان بەرامبەر هەڵوێستەکانی وڵاتانی زلهێز هەبێت لە پاراستنی زمان و نەتەوەدا، مەحوی دەڵێ:

کوردی زوبانی ئەسڵمە، گەر تەرکی کەم بە کول
بۆ فارسی، بە کوللی ئەمن دەبمە بێ وەفا

دواتر توێژەر یەک بە یەک شاعیرانی ئەو دەمە بە نموونە دەهێنێتەوە و باسی ئەو هەڵوێستانە دەکات کە لە ناوەوە و دەرەوەی نیشتمان بەرامبەر بە نەتەوەو خاکەکەی و بابانەکان هەیانبووە، لەباسی سالمدا دەڵێ: بەهۆی ئەوەی کە لەناو ڕووداوەکاندا ژیاوە؛ بەهێزتر و سەرنجڕاکێشتر وێنای سەردەمەکەی کردووە.

## "یەکەم ژنم لە زانکۆی سلێمانی دکتۆرام لە ئەدەبی کوردیدا هێنا"

پاری دووەم، باسی حاجی قادری کۆیی و شاعیرانی قۆناغی جەنگی جیهانیی یەکەم دەکات کە زیاتر لە شاعیرانی کلاسیک هەستی نەتەوایەتی لە شیعرەکانیاندا دەردەکەوێت، بەهۆی: کاریگەریی دەسەڵاتی دەرەوە و بزووتنەوەی هەستی نەتەوایەتی، ڕۆژنامەگەری و وەرگێڕان، دروستبوونی پارتی سیاسی و باری ڕۆشنبیری و زانست. دواتر توێژەر باسی حکومەتی باشووری کوردستان دەکات کە شێخ مەحموودی نەمر لە 1922 دایمەزراند. هەروەها ئاوڕ لە دۆخی ناوچەکە و هەڵوێستی شاعیرانی وەک (حەمدی، بێکەس و کەمالی..) دەداتەوە بەرامبەر بە حکومەتەکەی شێخ مەحموود.

بەشی سێیەم، دوو پارە، پاری یەکەم، باسی هەڵوێستی شاعیران بەرامبەر بە ڕاپەڕینو شۆڕشی ئەیلول [ڕاپەڕینەکەی بەردەرکی سەرای سلێمانی] و جەنگی جیهانی دووەمو کۆماری کوردستان دەکات. سەبارەت بە ڕاپەڕینەکە شیعرەکان لاواندنەوەو هاندانە، هەرچی هەڵوێستی شاعیرانە بۆ جەنگی جیهانی دووەم زیاتر مرۆڤدۆستانەو دژە جەنگو ئاشتیخوازییە. توێژەر پێیوایە شاعیرانی کورد ناوچەگەریانە بیریان نەکردۆتەوەو گەلێک شیعریان بۆ پشتگیری کۆماری مهاباد نووسیوە. پاری دووەمیش هەڵوێستی شاعیران سەبارەت بە چەند پرسێکی وەک: لەسێدارەدانی چوار ئەفسەرەکەو ڕاپەڕینی 1948 لە بەغداد کە زیاتر هاودەنگیو برایەتی کوردو عەرەب لە شیعری شاعیرانی کورددا بۆ وەستانەوە بەرامبەر بە دەسەڵاتی داگیرکارو گەندەڵکار نیشاندراوە، توێژەر بۆ ئەم برایەتیە نمونەی شاعیرانی کوردو عەرەب دەهێنێتەوە. هەروەها باسی شۆڕشی 14ی ئەیلولی 1958 کە کاریگەرییەکی فراوانی لەسەر شیعری چەند شاعیرێکی وەک (گۆران، کامەران موکری، حەسیب قەرەداغیو دیلان) هەبووە، دەکات.

بەشی چوارەم، باسی سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلولی 1961 و کاریگەری لەسەر ئەدەبی کوردی دەکات، کە چۆن بەپێی دەستوورو بەهێز کوردییان چەوساندۆتەوە، شاعیرانی کوردیش لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگدا شیعری ئاگریناوییان نووسیوە تا خەڵک هانبدەنو هۆشیارییان بکەنەوە لەو چەوساندنەوانە، شیعرەکان زیاتر ڕەگەزی نیشتمانپەروەریو هاندانو شۆڕشگێڕی تێدایە. دواتر توێژەر باسی ساڵانی ناوڕاستی شەستەکان دەکات، کە دوو بۆچوونی جیاواز لەناو شۆڕشدا لەنێوان باڵی سەرکردایەتیو باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی سەریهەڵدا، ئەم جیابوونەوەیەش کاریگەری لەسەر ئەدەب هەبووە. بەڵام بەگشتی لە دۆخی شۆڕشدا شاعیرانی شاخو شار شیعری نیشتمانیو بەرەنگاریان زیاتر دەنووسی، هەر لێرەشدا ئاوڕ لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس، لەتیف هەڵمەتو عەبدوڵا پەشێو..دەداتەوە. شێرکۆ بێکەس لەبارەی بە کۆمەڵ کوشتنی خەڵکی سلێمانی لە ساڵی 1963 ئەم شیعرە دەنووسێ:

**ئەی شارەکەی نۆی حوزەیران**
**تۆ سەیوانی، یان سەیوان تۆ؟!**
**ئەی دوانزە مانگ گەڵاڕێزان..**
**تاکەی جەرگی بەهار ئەخۆ...**

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا توێژەر بە هەشت خاڵ ئەنجامی نامەکەی دەخاتەڕوو، کە ئەدەبی کوردی هاوشانی ڕووداوەکان ڕۆشتووە، خاوەنی قەڵەمی بوێرو ڕاستگۆیە. سیاسەت لەگەڵ ئەوەی ئاوێزانی ئەدەب بووە، بەڵام ئەدەبیەتی خۆی پاراستووە. شاعیران نەک دوورەپەرێزنەبوون لە شۆڕشەکان، بەڵکو هەندێکیان سەرکردایەتیان کردووە. هاوکات ئەدەبی کوردی ڕۆڵی لە نووسینەوەی ڕووداوەکاندا هەبووەو ئەدەبەکەش ئەوەی دەرخستووە کە کاریگەری وشە لە کاریگەری گولە کەمتر نەبووە؛ لەبەرئەوە کەلەپورێکی دەوڵەمەندی ئەدەبی بەرەنگاریمان هەیە.

توێژەر لە ئێستادا پرۆفیسۆری یاریدەدەرە لە زانکۆی سلێمانی- کۆلێجی زمان- بەشی کوردیو سەبارەت بە نامەی ماستەرو دکتۆراکەی دەڵێت: لە 1988 لەو دۆخە دژوارەدا یەکەم ژن بووم کە لە زانکۆی سەلاحەدین ماستەرم لە ئەدەبی کوردیدا بەدەستهێنا، نامەکەم بەسەرپەرشتی خوالێخۆشبوو دکتۆر مارف خەزنەدار لەژێر ناونیشانی"وەسف لە بەرهەمی نالیو سالمو کوردی"دا نووسی. سەبارەت بە دکتۆراکەشم دووەم دەستەی خوێندکاری دکتۆرا بووین کە لە 1999 دەستمان بە خوێندن کردو بابەتو ناونیشانی نامەکەم لەگەڵ پرۆفیسۆر دکتۆر زاهیر لەتیف دیاریکرد، لە کاتی خۆیدا نامەکەم تەواوکردو لە 13/2/2002 لە هۆڵی ڕوناکی زانکۆی سلێمانی تاوتوێکرا. هەروەها ڕۆژی پێش گفتوگۆی نامەکە بەرێز هەڤاڵ ئەبوبەکر کە خوێندکاری بەکالوریۆس بوو ئەوکات لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ستوونێکی بەناوی"سبەی ژنێک" نووسی، دواتریش چەندین دیداری تەلەفیزیۆنیم لەگەڵدا کراوە، لەبەرئەوەی یەکەم ژن بووم لە زانکۆی سلێمانی کە دکتۆرام لە ئەدەبی کوردیدا هێناوە".

# پەست وەک ئێوارە نارنجییەکانی نیشتمان



**دەبوا من قەرەج بام**
**لە هەر کوێیەک هەوەسم لێ با**
**سازەکەم بژەندبا و**
**گۆسکەیەک شەڕابم فڕکردایە**

شیعر لە پێناسەیەک زێتر هەڵدەگرێ، ڕەنگە بەقەد ژمارەی شاعیرەکان پێناسە هەبێ بۆ شیعر، بەڵام زۆربوونی پێناسە لە بەهای شیعر کەم ناکاتەوە، ئەگەر جوانتری نەنوێنێت. "دەبوایە من قەرەج بام" ناونیشانی شیعرێکی "ئیسماعیل بەرزنجی"یە (1)، ئەو، بە بەخشش، ئەزموون، هونەر و سەلیقەی دەربڕین جێگەیەکی بۆخۆی لەنێو شیعری ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا کردەوە، بەڵام دواتر، پیشەی ڕۆژنامەنووسی، ئەوی لە شیعر دوورخستەوە، ئاخر شیعر دۆخ و کاتی خۆی هەیە، هەموو کات نانووسرێت.

**دەبوایە من قەرەج بام**
**تا وەک ئیتماتۆڤ**
**ڕۆمانێکی گەورە و نەمرم بنووسیبا**

هەموو ئەوانەی دەبنە شاعیر بە کۆمەڵێک ئازارەوە دەژین، ئازارەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیادبووندان، ئەوەی لە نزیکەوە شاعیر بناسێت، دەزانێت بەرزنجی حەز لە ژیانێکی سادە، ئاسایی و دوور لە ئاڵۆزی دەکات، دەکرێت لێرەوە بپرسین ئایا ڕۆحی مرۆڤ تەنیا ئاوێنەی خۆیەتی، یان لەنێو مرۆڤدا ئەو بەشانە هەن کە بە تەنیا هی ئەو نین و بەشی هەموو مرۆڤایەتین. ئەو، هاتووە "دەبوایە من قەرەج بام " ی بۆ شیعرەکەی کردووەتە ناونیشان، ئەمە بۆخۆی قسە و پرسیاری زۆر هەڵدەگرێ: بۆ شاعیر حەزی لەوە کردووە وەک قەرەج بووایە؟ ئەم بێزاری و ڕاکردنە لەم ژیانەی ئێستا بۆچی؟ دەتوانین زۆر بە سادەیی بڵێین چونکە قەرەج بە ئارەزووی خۆی سنووری هەموو وڵاتان دەبڕێت، بێ ناسنامە و پاسپۆرتە، نەبەستراوەتەوە بە هیچ بستە خاکێکەوە کە پێی دەڵێن نیشتمان، هەموو جێگایەکی ئەم دونیا پان و بەرینە بە هی خۆی دەزانێت و بەپێچەوانەوەش هیچ شوێنێک نییە تا ئەبەد تێیدا بمێنێتەوە.

**دەبوایە من قەرەج بام**
**نەمزانیبا جنسییە و نفووس چییە**
**ناوم لە هیچ دۆسییەیەکی دەوڵەتدا نەبا**

بە داخەوە، تا ئێستا نووسین نەیتوانیوە وەک پێویست کاریگەر بێ، لەگەڵ ئەو هەموو نووسینەدا کەچی ئاریشە و گرفتەکانی ژیان بەردەوامە. داهێنان و بەرهەمی ئەدەبیی ناوازە، خۆراکێکی فیکرییە، مێشک و دەروونی مرۆڤ پێویستی پێیەتی، ئەو پرۆسەیە خۆی لە ڕەهەندێکی بەربڵاو و فراوانی مەعریفی و عەقڵانیدا دەبینێتەوە. شیعر نووسین هێندە ئاسان نییە وەکوو خەڵک تێیگەیشتوون، دەبێ هەموومان باش ئەوە بزانین کە کەس بە شەو و ڕۆژێک نابێتە شاعیر. شیعر بەشێکی دانەبڕاوە لە کۆمەڵگە، لە کوێ تووشی شکست هات، ئەوە شاعیرە شیعرێک بۆ ئازارەکانی ئەوان دەنووسێت، ئیسماعیل، شیعرەکانی بە زمانێکی جیاواز لەوانی دیکە دەنووسێت، لە هەموو شیعرێکیدا هەوڵدەدات

سەباح شێخانی



خۆی بنووسێتەوە، حەز دەکات پابەند نەبێت بە زۆرێک لە دابونەریتەکان، دەیەوێت چۆن حەز دەکات ئاوەها بژی، نەک ئەوەی کۆمەڵگە هێڵی ڕاست و چەوتی بۆ بکێشێت.

**دەبوایە من قەرەج بام**
**تا ئەو ڕۆژەی شۆڕ دەکرامەوە ناو گۆڕ**
**سەیری ئاوێنەم نەکردایە**

بە دیدی ئەرستۆ، شاعیر لەو ڕووداوە دەدوێت کە هێشتا ڕووی نەداوە، یان دەبووایە ڕووبدات. خوێنەری بەسەلیقە دەتوانێ لە ڕێی شیعرەکانەوە، هەندێک جومگەی گرینگ لە ژیانی شاعیر بدۆزێتەوە. چێژ و جوانی و مانا لە گرینگترین پێکهاتە و کۆڵەکەکانی نووسینن و نووسراوەکان بەبێ ئەمانە دەبنە پووشی دەم با و خوێنەر خۆیان پێوە ماندوو ناکات و وەک خواردن و خواردنەوەیەکی بێ تام و بۆن و چێژ، هەر زوو وەلایان دەنێت و لێیان وەڕز دەبێت. شیعرەکەی بەرزنجی پڕە لە چێژ و جوانی، ڕەسووڵ حەمزاتۆف پێیوایە ئەو زمانەی کە شیعری پێ دەنووسرێ، هەر زمانێک بێت پێویستە دوو عیشقی تێدا بێت: عیشقی یەکەم بۆ کەلەپوور و کولتوور. عیشقی دووەمیش بۆ نوێخوازی. بەبێ ئەو دوو چەمکە، شاعیر وەک باڵندەیەکی تاکباڵ وایە و ناتوانێ بفڕێ. شیعر باڵندەیەکی چەتوونە و بەردەوامە لە فڕین و ونبووندا، ڕاوەستان و گەڕانەوەیەک لەم فڕینەدا نییە. ئەگەر وێستگەیەک بۆ ڕامان هەبێت ئەوا لە هەموو مرۆڤێکدا هەیە.

زمانی شاعیر وردبوونەوە و ڕامانە. ئەوەی زمان ئەنجامی دەدات لە پرۆسەی داهێنان و خوڵقاندندا جوایەزە لەوەی کە هەیە. هەزاران شێواز بۆ نووسین هەیە، دەشێ هەریەک لە ئێمە بە جۆرێک بنووسێت، بەڵام بەردەوامبوون و گەشەکردنی شاعیر بەوە دەبێ کە هەمیشە لە خەمی ئەوەدا بێت گەمە لەنێو زماندا بکات، تەنیا نووسین نەبێت لە پێناو نووسین، بەڵکوو نووسین بێت لە پێناو داهێنان.

**دەبوایە من قەرەج بام**
**ژانەسەرم بە بۆنی بەیبون**
**ژانەسکم بە ئاوی ڕێواس**
**چاک ببوونایەوە**
**کە نیگەرانیش دای دەگرتم**
**زۆربایانە سەمام کردبا**

هونەر لای فرۆید وەسیلەیەکە بۆ بەدیهێنانی ئارەزوو بە خەیاڵ، بە تایبەت ئەو ئارەزووانەی کە واقیع تێکیشکاندوون، نووسەر بۆ ئەو مەبەستە سوود لە خەیاڵ و بەهرەکانی وەردەگرێ و دەیانگۆڕێت بۆ ڕاستی، واتا هونەر لای فرۆید بە جیهانی واقیع و خەیاڵ دەورە دراوە (2). بە کورتی و پوختی شیعری ئیسماعیل بەرزنجی هاوارە بۆ بێهوودەیی ژیان.

**سەرچاوە:**

**1- ئیسماعیل بەرزنجی، پەست وەک ئێوارە نارنجییەکانی نیشتمان (شیعر)، بڵاوکراوەی ئاراس، چاپی یەکەم، 2007، ل 90-86.**
**2- د. محسن محمد عطیة، الفن والعالم الرمز، ط 2، دارالمعارف، مصر، 1996، ص 35.**

# زمان و ناسنامە؛ لە نێوان ڕەسەنێتی و نامۆییدا





بۆتان لەتیف عەبدولقادر



هەموو تاکێک کە لەدایک دەبێت؛ زمانی دایکی دەبێتە پایەیێکی بنچینەیی ناسنامەکەی، بۆیە لە نێوان زمان و ناسنامەدا؛ پەیوەندیەکی بنیاتنەرانە و ئەندامی هەیە، بەجۆرێک زمان لە بنەڕەتی ناسنامەدا؛ بەردێکی بنچینەیی بناغەی ناسنامەیە، هەر ئەمەشە پێی دەڵێن زمان و ناسنامەی ڕەسەن.

## زمان:

گومانی تێدا نییە کە زمان بنەڕەتێکی سەرەکیە لە ناساندن و دروستکردنی کەسێتیی تاک، بەگوزارشتێکی دی؛ زمان؛ پەیکەری بیرو تێگەیشتنە، یەکێکە لە کۆڵەگە بنەڕەتیەکانی بنیاتی خود و خودێتی.

دی سۆسێر لە سەرەتای سەدەی بیستدا پێیوایە کە زمان (Langue) شتێکە و قسە یان گوفتار (الکلام) شتێکی دیکە. پێیوایە کە زمان: ڕژێمێکی کۆمەڵایەتی سەربەخۆیە، بەڵام قسە؛ بەدیهێنان و دەستەبەرکردنی ئەم ڕژێمەیە لە وێنە و هێمادا. بەمانایەکی تر؛ زمان ڕێگای بیرکردنەوەیە لە ئاوەزی مرۆڤدا، یاخود لە ئاوەزی کۆمەڵگە مرۆییەکاندا. بەڵام قسە یان گوفتار؛ وێنەی دەنگەکانە، یاخود ئەو هێما نووسراوانەن کە دەیانبیستین و دەیانبینین؛ بەمەبەستی گوزارشتکردن و گەیاندن، گوزارشتکردن لە دەروون و ناخی خود، پەیوەندی دروستکردن لەگەڵ دەوروبەر و کەسانی تر.

هەندێ لە زمانناسان (فیلۆلۆگەکان) لەو باوەڕەدان کە یەکبوونی سێ شت لە چەند دیالێکتێکی زماندا، ئەو زمانە دەکات بە زمانێکی یەکگرتوو، ئەمیش ئەمانەن:

1- ڕێزمانی زمان (گراماتیک)
2- شێوەی دەربڕین (فۆنەتیک)
3- بنەڕەتی فەرهەنگی زمان

## ناسنامە:

دەستەواژەی ناسنامە؛ لە دوو وشەی لێکدراو پێکهاتووە: (ناس+نامە= ناسنامە)، وشەی (ناس) بە واتای ناساندن و ناسین دێت، وشەی (نامە) کە دەچێتە سەر وشەی (ناس)؛ دەبێتە چەمکێکی زاراوەیی و بەواتای نامەی خۆناساندن دێت، ئیدی پێکەوە دەبنە پێناسەی کەسێتیی تاک. ئەمە بەشێکە لە ڕەوشی ژیاری و بەشارستانیبوون و بەدامەزراوەبوونی مرۆڤ لەسەر زەوی، وەکو بوونەوەرێکی ژیر و بەئاوەز؛ لەپۆلێنکردن وجیاکردنەوە و ڕێکخستنی پەیوەندی و تایبەتمەندییەکانی خۆی زۆر ئامرازو ڕێوشوێنی گرتووەتە بەر، ئەم ناسنامەیەش یەکێکیانە.

هەرچی وشەی (الهویە)یە لە زمانی عەرەبیدا لە ڕاناوی (هو) هاتووە، کە بەواتای خەسڵەتەکانی مرۆڤ دێت و گوزارشتە لە ڕاستیەکەی، هەروەک بۆ بواردن و جیاکردنەوەی بنەما و تایبەتمەندی کەسێتیی تاکێک لە تاکێکی تر بەکاردێت. بۆیە لەڕووی زاراوەیی و چەمکەوە؛ ناسنامە بریتیە لە کۆمەڵێ خەسڵەت و ئەدگار و تایبەتمەندیی تاکەکان کە لەخۆیان دەگرن، وایان لێکردوون خاسیەتی تاک لە خودێتی و تاکخۆبووندا وەربگرن لەناو کۆمەڵگادا، دەکرێت چەند تاکێک لە هەندێ خاسیەتی خودێتی و تاکخۆییدا هاوبەش بن، ئەمە لە چوارچێوەی کۆمەڵگا؛ یان دەوڵەتدا.. بەواتایەکی دی؛ ناسنامە گوزارشتە لە هەموو شتێکی هاوبەشی نێوان چەند تاکێکی ناو کۆمەڵێکی دیاریکراو کە وەک دەستەیەک لە بنیاتنانی چوارچێوەیەک بۆخۆیان کۆشش دەکەن و شەڕی بەردەوامی دەکەن لە ژیاندا، بۆیە لەڕێی ئەم تایبەتمەندیە بنیاتیانەیاندا هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرێت.

## ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان لەسەر ناسنامە هەیە:

1 - کۆمەڵگا: کۆمەڵگا ژینگەی یەکەمی دروستبوونی ناسنامەیە، وەختی تاک لەدایک دەبێت؛ ئەو بارودۆخەی تیایدایە وەک خێزان و کۆمەڵگا و شوێنی ژیان و.. تاد، لە دروستبوونی ناسنامەی تاک لەڕووی ڕەگەزی و نەتەوەیی و ئایینی ڕۆڵیان دەبێت.

2- ئینتیما لاگیری: ئەمەش لە ڕێگای ناسنامەوە تاک ئاراستە دەکات، کە لاگیری هەبێت بۆ شوێنی ژیان و خێزان و کۆمەڵگا و نەتەوە و ئایین و.. تاد، بۆنموونە تاک لاگیری هەیە بۆ وڵاتەکەی، کە ماف و ئەرکەکانی لەڕێی ڕێسا و دەستوور و یاساوە ڕێکخراون، بەمەش دەبێتە هاونیشتیمانی. بۆیە دەکرێت بڵێین: ناسنامە؛ هۆکارێکە بۆ چەسپاندن و بەرچاوخستنی لاگیری لەلای تاک و کۆمەڵگا.

## جۆرەکانی ناسنامە:

ناسنامە؛ زۆر جۆری هەیە، بەڵام من لەچوار جۆردا دەیخەمە ڕوو:

1 - ناسنامەی نەتەوەیی: ئەم ناسنامەیە؛ لاگیریی مرۆڤ دەستنیشان دەکات داخوا سەر بە چ نەتەوەیەکە.

2 - ناسنامەی نیشتیمانی: ئەم ناسنامەیە؛ گوزارشتە لە شوێنی لەدایکبوون، یان ئەو شوێنەی تێیدا دەژیت..

3 - ناسنامەی کولتووری و شارستانی: ئەم ناسنامەیە؛ پانتایی و دوورییەکی مێژوویی هەیە، بەجۆرێک؛ ڕەوشی ژیاری و بۆماوەیی بەگشتی و ڕۆشنبیریی خود وەدەر دەخات و گوزارشتی لێدەکات.

4- ناسنامە؛ وەک پێناسەی خود/ تاک: ئەم جۆرە ناسنامەیە؛ ناسنامەیەکی ڕێکخراوە لەلایەن دامەزراوەی دەوڵەت بۆ هەر تاکێک، کە لە تابلۆیەکی بچووکی گیرفانی، زانیارییە کەسییەکانی لێ تۆمارکراوە.

پەیوەندیی نێوان زمان و ناسنامە:

ئایا زمان بەتەنها گەیێنەر؛ یان گوێزەرەوەیەکی بێلایەنە و هیچ پەیوەندیەکی بەو ناوەڕۆکەوە نییە کە دەیگوازێتەوە؟.. یان بەپێچەوانەوە؟.. ئەگەر وەڵامەکەمان بەڵێ بێت کە زمان گەیێنەر؛ یان تەنیا گوێزەرەوەیەکی بێلایەنە؛ ئەوا پەیوەندی نێوان زمان و ناسنامە پەیوەندیەکی پچڕاوە، یاخود هیچ پەیوەندیەک نییە. یان پەیوەندیەکی لاوەکیە، پەیوەندیەکی پڕ ئەگەر و مەگەرە، پەیوەندیەکی کراوەیە، گریمانەییە، لەوانەیە هەبێ و لەوانەیە نەبێت. واتا پەیوەندیەکی بونیادی و پێویست و پەیوەست و گرێدراو نییە، واتا پەیوەندیەکی بە ڕێوجێ و تەحەکومی نییە. لەم کاتەدا پەیوەندیان وەکو ئەوە دەبێت کە شلەیەک دەکەیتە دەفرێکەوە. ڕەنگە هەنگوین بێت، ئاو بێت، شیر بێت یان شەربەت و... تاد، واتا هیچ پەیوەندییەک نییە، بۆیە گۆڕینی ناو هیچ گۆڕانکارییەک بەسەر ناولێنراودا ناهێنێت. بە تێڕوانینێکی تر؛ ئەگەر وەکو هەڵگرێک نەبێت وەکو دەفرێک کە شلەکە هەڵدەگرێت؛ ئەوا وەکو گەیێنەرێک وایە، وەکو وایەری کارەبا کە هیچ پەیوەندیەکی نییە، ڕەنگە ئەو وایەرە فافۆن بێت و ڕەنگە ئاسن بێت یان هەر شتێکی تر.. کە بە بەرگێکی پلاستیکی داپۆشراوە.

ئەدی ئایا پەیوەندیی نێوان ناسنامە و زمان چۆنە؟.. لە ڕوانگەی ئاوەز و بەها و پاشماوەی مێژوویی و بیروباوەڕ و چەمک و هەر ناوەڕۆکێکی تر؛ ئایا وەکو دەفر و ئاوە، یان وایەر و کارەبا؟.. یان بە پێچەوانەوە؟..

گومانی تێدا نییە کە زمان بێلایەن نییە لەگەڵ ناوەڕۆکەکەی، واتا کەناڵێکی گرینگی ئەو ناوەڕۆکەیە کە هەیەتی، بۆیە دەڵێین پەیوەندیەکی بنیاتی و ئەندامی و ڕیشەیی و ڕەسەن لە نێوان زمان و ناسنامەدا هەیە.

لێکۆڵەران و زانایانی زمان، لە توێژینەوەکانیاندا کە لەنێوان زمان و ئاوەز، زمان و ناسنامە، زمان و کۆمەڵگا و تاد کردوویانە، پێیانوایە کە زمان بەشێوەی ئاسۆیی و ستوونی لەگەڵ ناوەڕۆکەکەیدا بەیەکدادەچێت. بەو مانایەی کە زمان گوێزەرەوە و گەیێنەرێکی بێلایەن نییە، واتا ناکرێت نەتەوەیەک زمانی (ا) هەڵبژێرێ و دواتر زمانی (ب) و.. تاد. وەکو ئەوەی مرۆڤ پەرداخێک بەکاردێنێت و دواتر دەیگۆڕێت.. یان وایەری تۆڕی کارەبایی دەگۆڕێت، بەڵکو زمانی دایک لە ئەزەلەوە یەک زمانە و ناگۆڕێت، بەڵام دەکرێت لەپاڵ زمانی دایک؛ چەندین زمانی تر فێرببێت و بزانێت، وەک ئەوەی لەپاڵ ڕەگەزنامە دایکی و ڕەسەنەکەت؛ دەکرێت ڕەگەزنامەی تریشت هەبێت، مەگەر ئەوەی کۆچ بکەیت بۆشوێنێک و دەستبەرداری هەموو شوناس و ناسنامە و ڕەگەزنامەی ڕەسەنت بیت و یەکێکی تر هەڵبژێریت، پاشان دوای چەندین نەوە؛ ڕەنگە نەوەکانت بشۆڕێن و بەتەواوی دابڕێن لە ناسنامە ڕەسەنەکە و ببنە نەتەوەیەکی تر. بەڵام لەوانەیە هەر بڵێن لەبنەڕەتدا ئەو تیرەیە، یان ئەو بنەماڵەیە فلان نەتەوەن لە بنەڕەتدا و بوونە ئەو نەتەوەیە..

دەکرێت بڵێم:

ناسنامە: هەستکردن و پەیبردنە بە خود.. ناسینی خود و کەسێتیە.. یەکێک لە بنەڕەتە هەرە بنچینەییەکانیشی زمانە.

ناسنامە: واتا هاتنەوەیە لەگەڵ ئاوەز و سروشت و ڕوخسار و هەستی مرۆڤ. ناسنامە؛ زمانە، زمانیش؛ جەستەی بیرو پەیکەری تێگەیشتنە. تێگەیشتنیش بنەمای هۆشیاری و پەیبردنی تاک/ خودە، خودیش ناسنامەی لەم ڕێگایەوە دەردەکەوێت.

## ناسنامە و زمان، ڕەسەنێتی و نامۆیی:

نامۆیی؛ ئەو بارودۆخە دەروونیەیە کە خود تێیدەکەوێت لەناو کۆمەڵگاکەیدا، ئینجا لەناو خێزانەکەیەوە بێت یاخود بەرەباب، هۆز، کۆڵان، گوند، شار، وڵاتەکەی، لەوەی کە بە چاوێکی جیاواز سەیری دەکرێت و لە ماف و ئەرکەکانی بێبەش دەکرێت، دەگوشرێتە گۆشەیەک کە هیچ هەست بە ئاسوودەیی و ئارامی و بوونی خۆی نەکات. بەجۆرێک لە ڕەسەنێتی ناسنامە و زمانەکەی دادەبرێندرێت و بێبەش دەکرێت. زۆر جار؛ کە وڵات لەلایەن وڵاتێکی دیکەوە داگیر دەکرێت، یان نەتەوەیەک دەکەوێتە ژێر هەژموون و دەسەڵاتی نەتەوەیەکی دیکە؛ ئەوا تاکەکانی هەست بە نامۆیی دەکەن، چونکە ناسنامە و زمانی ڕەسەنیان، کولتوور و دابونەریت و مێژوو و هەرچی هەیانە ژێرپێ خراوە و، کار دەکرێت تاکو لەناو ببرێت.. هەروەک نەتەوەی زاڵ، یان دەوڵەتی داگیرکەر؛ هەوڵ دەدات زمان و ناسنامەی نەتەوەی بندەست و دەوڵەتی داگیرکراو لاواز بکات وهەوڵی لەناوبردن و توانەوەی دەدات. دەکرێت بڵێین لێرەوە نامۆیی سەرهەڵدەدات، یان ڕەنگە نەتەوەیەک؛ خاوەنی چەندین شێوەزار بێت و شێوەزارێک زاڵتر بێت و شێوەزارو بێچووەزارەکانی دیکە بمژێت و لاواز دەربکەون لەهەمبەریدا، هەروەها دەکرێت دەوڵەتێک لە چەند نەتەوەیەکی جیاواز پێکبێت و چەند زمانێکی جیاواز هەبن، بەڵام زمانی زاڵ ئەوەیە کە خاوەنەکەی زاڵە و دەسەڵاتدارە، بۆیە نەتەوە و زمانەکانی دیکە؛ لەهەمبەریدا هەست بە نامۆیی دەکەن، کەواتە پەیوەندییەکی بنیاتی لە نێوان زمان و ناسنامەدا هەیە، لە کوێ نامۆیی زمان هەبوو؛ ئەوا ناسنامەش نامۆیە و بە پێچەوانەشەوە، چونکە زمان کۆڵەگەیەکی سەرەکی ناسنامەیە، بۆیە زمانی ڕەسەن و زگماک (زمانی دایک) بناغە و بنەڕەتی ناسنامە ڕەسەنەکەیەتی (ناسنامەی دایک). دەکرێت بڵێم کە دوو شێوە نامۆیی هەن؛ ئەویش:

١- نامۆیی سەپێندراو لە دەرەوە (لەلایەن نەتەوە و دەوڵەتێکی داگیرکەرەوە سەپێندرابێت).

2- نامۆیی سەپێندراو لە ناوەوە (لە ماڵی خۆت، وڵاتی خۆت نامۆ بیت).

بەڵام جۆرەکانی نامۆیی زۆرن، بۆ نموونە نامۆیی نەتەوەیی، نیشتیمانی، ڕامیاری، ئابووری، ئایینی، کۆمەڵایەتی و کارگێڕی و.. تاد.

نامۆیی؛ سەرەتا لەلایەن (هیگل)ەوە بەشێوەیەکی ڕێک و پەیڕەوی قسەی لەبارەوە کراوە، بەجۆرێک کە بە باوکی نامۆیی ناسراوە، هەروەها بوونگەراکانیش زۆریان لەبارەوە گوتووە، بەتایبەت (فرۆید)، بەشێوەیەک؛ لە دوو ئاستدا بۆچوونیان لەبارەیەوە خستووەتەڕوو، ئاستی یەکەم: نامۆیی وا دەکات؛ مرۆڤ چێژی ژیان لەدەست بدات. ئاستی دووەم: نامۆیی ژینگەیەکە؛ هەندێ کەس تیایدا هەست بە کامەرانی و چێژ وەرگرتن دەکەن. هەروەها (کارڵ مارکس)؛ لەبارەی نامۆیی دەڵێت: ئەو بارودۆخ و کارە سەختانەی کە کۆمەڵگا سەرمایەدارەکان هێناویانەتە ئاراوە؛ نامۆیی کرێکاری لێ بەرهەم دێت. ئەمەش بەهۆی بێبەشکردنیەتی لە توانا و دەرفەتی پێویست بۆ بەدیهێنانی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی و ئابووری، کەوا هەوڵی بۆ دەدات، بەم جۆرە کرێکار وای دادەنێت کە کەسێکی نامۆیە بەو ئامراز و کەرەستەی بەرهەمهێنانە، لەبەرئەوەی ناتوانێت بەهۆیانەوە بگاتە ئاسوودەیی و دڵداکەسان لەناو ئیشەکەیدا؛ چونکە ناتوانێت بەرهەمی ماندووبوون و کۆششی لە ئیشەکەی خۆی بچنێتەوە، لەم ڕوانگەیەوە مارکس واتای نامۆیی لە سروشتی ڕاستەقینەی مرۆڤ هەڵدەهێنجێت. ئەم بۆچوونەش لەسەر بنەمای دژایەتیکردنی ڕژێمی سەرمایەداری هەڵدەنێت، زیاتر بۆچوونێکی ئابووریانەیە. هەرچی (ئیریک فرۆم) فەیلەسوف و زانای بواری زانستی دەروونییە؛ کۆمەڵێک خاسیەتی تایبەت بە نامۆیی لە پەرتووکەکەیدا (کۆمەڵگای بێخەوش) دەخاتەڕوو، ئەو پێیوایە نامۆیی ئەو بارودۆخەیە کە تاک هەستی پێدەکات بەوەی کە خاوەنی ڕاستەقینەی وزە و سامانەکەی نییە، بەڵکو وا هەست دەکات بوونەوەرێکی لاوازە و دەبێت پشت بە هێزی دەرەکی ببەستێت کە دوورو نزیکیش پەیوەندی پێیانەوە نییە.

(جان جاک ڕۆسۆ)ش تووشی نامۆیی خودی بووە؛ لە وتارو پەرتووکەکانیدا (ڕەخنەکردنی شارستانی، دانپێدانانەکان و پەیمانی کۆمەڵایەتی).

ئەگەر سەیری مێژووی کورد بکەین؛ دەبینین جیۆدیموگرافیاکەی دابەشی سێ نەتەوە و چوار دەوڵەت کراوە (عەرەب، تورک و فارس و دەوڵەتەکانیان)، بۆیە هەموو هەوڵیان ئەوە بووە کە کورد لەناوبەن، ئەمەش لەڕێی لێدان لە زمانی حاڵ و گوفتار بووە، هەتا لەم ڕێگایەوە ناسنامە ڕەسەنەکەی بشێوێنن و لەناوبەرن، بۆیە هەمیشە وەکو میللەتێکی داگیرکراو و بندەست ماوەتەوە لە مێژوودا. لە دەیەی کۆتایی سەدەی ڕابردوو، کوردستانی باشوور گەیشتە نیمچە ئازادییەک، بەتایبەت لەڕووی کولتووری و زمان و خوێندن و..تاد. کورد وەکو گەلێکی بندەست، هەمیشە لە نامۆییدا ژیاوە، کار لەسەر لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی و دانیشتووانی کراوە کە بە لاوازی دەربکەوێت و، هەمیشە پشت بەخەڵکی دیکە ببەستێت، هەروەک ناسنامە و زمانەکەشی بە نامۆ بزانرێت؛ لە هەمبەر ناسنامە و زمانی سێ نەتەوەی داگیرکەریدا کە عەرەب و تورک و فارسن، بۆیە دەبینین ناسنامە و زمانی سەپێندراو لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا زمانێکی نامۆ و ڕەتکراوە بووە لەلایەن کوردەوە، بەهەر نرخێک بێت نەتەوەی کورد هەوڵی پاراستنی زمانە ڕەسەنەکەی داوە وەک ڕاگرێکی سەرەکی بۆ پاراستنی ناسنامەکەی.

دەکرێت لە چەند دۆخێکدا ناسنامە و زمانی نامۆ دروست بێت، ئەویش بەسەپاندنیان بەسەر خود و نەتەوە و دەوڵەتی داگیرکراودا:

1- ناسنامە و زمانی بێگانە = نامۆیی
2- ناسنامە و زمانی سەپێندراو = نامۆیی
3- ناسنامە و زمانی داگیرکەر = نامۆیی

لە هەر دۆخێکدا هەست بە نامۆیی زمان کرا؛ ئەوا نامۆیی ناسنامەش هەیە، هەروەها خود لەنێوخۆشیدا دەکرێت هەست بە نامۆیی بکات و نامۆ بێت بە ناسنامە و زمانە زگماکە ڕەسەنەکەی خۆی، لەکاتێکدا پشتگوێ خراوە لەلایەن هاونەتەوە و هاونیشتیمانی و تا ئەوەی هاوخێزانیەکانیشی.

لە کۆتاییدا؛ دەڵێم: هیوادارم کورد بتوانێت بۆ تۆکمەتر پاراستنی ڕەسەنێتی ناسنامەکەی، هەوڵ بدات یەکگرتوو بێت و کار بکرێت بۆ چەسپاندنی بنەڕەتەکانی زمانی پاراو و ستاندارد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا، کە زمانی نووسین و خوێندن و خوێندنەوە بێت لە هەموو کوردستاندا، بەڕێزگرتن لە هەر شێوەزارو بێچووەزارێک، ئەمەش سەرەتا بە نووسینی فەرهەنگێکی فراوانی هەمەلایەنە و داپۆشەر و لەخۆگری وشە و پەیڤ و دەستەواژە و هەموو شێوەزارەکان دەکرێت، ئەم ئەرکەش بەتایبەت لەڕێگای زانایان و شارەزایانی بواری زمان و ئەدەب دەکرێت، بەپشتیوانی هەموو تاکێک لەهەر کوێ بێت، چونکە ئەمە؛ پێگەیەکی زۆر گرینگ و سەرەکیە بۆ دروستکردنی قەوارەیەکی بەهێز بۆ کورد و کوردستان، هەروەک ڕێز لە هەر زمان و ناسنامەیەکی دیکەی هاونیشتمانی و جیهانیش بگرێت.

# ویژدان

ئیتالۆ کالڤینۆ
وەرگێڕانی: باوەڕ مەعرووفی



شەڕ دەستیپێکرد و لویجی ناوێک داوای کرد ئەویش بنێرن.
هەمووان ستایشیان دەکرد. لویجی چووە شوێنی دابەشکردنی چەک، دەستی دایە دانەیەک و گگوتی: «با بچم ئەو هەتیوە، ئالبێرتۆ، بکوژم.»
لێیان پرسی ئالبێرتۆ کێیە؟
گگوتی: «ئالبێرتۆش دوژمنە، دوژمنی منە.»
پێیان گوت کە دەبێ تەنها تاقمێکی تایبەت لە دوژمنەکان بکوژێ، نەک هەر کەسێک ئەو بە دوژمنی بزانێ.
لویجی گگوتی: «چییە، پێتانوایە من گەوجم؟ ئەو ئالبێرتۆیە ڕێک لەو تاقمەیە، یەکێکە لەوان. کاتێ زانیم ئێوە لەگەڵ ئەم کەسانە بەشەڕ دێن، لە دڵی خۆمدا گوتم: منیش دەچم، بەم جۆرە دەتوانم ئالبێرتۆ بکوژم. بۆیە هاتوومەتە ئێرە. ئەو هەتیوە چاک دەناسم: زۆڵی وەک خۆی کەمە. کڵاوی لەسەرنام، لەسەر هیچ و خۆڕایی لە کن ژنێک سووک و چرووکی کردم. داستانەکەی دوور و درێژە. ئەگەر باوەڕم پێ ناکەن، هەموویتان بۆ دەگێڕمەوە.»
گگوتیان نا، پێویست ناکا.
لویجی گگوتی: «ئێستە پێم بڵێن ئالبێرتۆ لە کام لایە با بڕۆم لەوێ شەڕ بکەم.»
گگوتیان نازانین.
لویجی گوتی: «قەیدێ ناکا، ئاخری یەکێک دەبینمەوە پێم بڵێ. درەنگ یا زوو تووشی بە تووشمەوە دێ.»
پێیان گوت ناتوانێ ئەو کارە بکا، دەبێ بچێتە ئەو شوێنەی کە ئەوان دەینێرن و هەرکەسێکی لەوێ وەگیر کەوت بیکوژێ. ئەوان ئالبێرتۆیان هەر نەشدەناسی.
لویجی پێداگری دەکرد: «دەزانن چییە، لەبەر ئەوەی ئەو هەتیوە زۆڵی وەک خۆی کەمە و ئێوەش کاری چاک دەکەن لەگەڵی بەشەڕ دێن، با پێتان بڵێم چ باسە.»
بەڵام ئەوان نەیاندەویست بزانن.
لویجی بیانووی پێ نەمابوو: «ببەخشن، ڕەنگە بۆ ئێوە هیچ فەرق نەکا چ تاقمێک لە دوژمنان بکوژم، بەڵام من بەڕاستی ناڕەحەت دەبم ئەگەر کەسێک بکوژم پەیوەندی بە ئالبێرتۆوە نەبێ.»
تاقەتیان بەسەر چوو. یەکێکیان کۆڵێکی قسە پێ گوت و بۆی ڕوونکردەوە کە شەڕ چییە و کەس ناتوانێ ئەوانە بکوژێ وا تەنیا خۆی بە دوژمنیان دەزانێ.
لویجی شانێکی هەڵتەکاند: «دەی باشە. ئەگەر وایە، دەتوانن لەسەر منی حیساب بکەن.»
نەڕاندیان: «تۆی تێدای و لێرەش دەمێنیتەوە.»
پاشان ناردیانە بەرەی شەڕ: «بۆ پێشەوە، یەک-دوو، یەک-دوو!»
لویجی کەیفی ساز نەبوو. ناچار بوو کۆڵێک خەڵکی بێ دیفاع بکوژێ، تەنها بۆ ئەوەی ڕەنگە تووشی ئالبێرتۆ یان یەکێک لە نزیکەکانی ئەو بێ. لەبری هەر کەسێک کە دەیکوشت میداڵییەکیان دەدایە، بەڵام ئەو کەیفی ساز نەبوو. لەدڵی خۆیدا دەیگوت: «ئەگەر ئالبێرتۆم وەچنگ نەکەوێ، کۆڵێک خەڵکم لەخۆوە کوشتووە.» دڵنیگەران بوو.
بەم حاڵەوە یەک لە دوای یەک میداڵیی وەردەگرت، میداڵیی زیو، میداڵیی زێڕ، هەموو جۆرە میداڵییەک.
لویجی بە بیریدا هات: «ئەمڕۆ بڕێک و سبەی بڕێکی دی دەکوژم، وردە وردە کەم دەبنەوە و نۆبەی ئەو بێژییە دێ.»
بەڵام بەر لەوەی لویجی ئالبێرتۆ بدۆزێتەوە، دوژمن تەسلیم بوو. زۆر ناڕەحەت بوو کە ئەو گشتە خەڵکەی لەسەر هیچ و خۆڕایی کوشتووە، ئێستەش کە ئاشتی سەقامگیر ببوو، لویجی هەموو میداڵییەکانی لە کیفێک هاویشتن و چووە وڵاتی دوژمن بۆ ئەوەی بیانداتە ژن و منداڵی کوژراوەکانی شەڕ.
هەر وا دەگەڕا، لە ناکاو تووشی ئالبێرتۆ هات.
«زۆر چاکە، درەنگ هاتی بەڵام لە نەهاتنت چاترە.» ئەمەی گوت و دەستبەجێ کوشتی.
ئاوا بوو کە گرتیان و دادگاییان کرد و لە داریان دا. کاتی دادگاییەکەی هەر دەیگوت و دەیگوتەوە کە ئەم کارەی تەنیا بۆ ئەوە کردووە تا ویژدانی ئاسوودە بێ، بەڵام کەس گوێی نەدایە.

## تێبینی:

**زۆربەی چیرۆکەکانی ئیتالۆ کالڤینۆ، چیرۆکنووس و ڕۆژنامەوانی ئیتاڵی، لە دوو سێ لاپەڕە زیاتر نین. «ویژدان» ناگاتە دوو لاپەڕە، بەڵام هێندەی ڕۆمانێک قسەی هەیە بۆ گوتن. شوێنکات لەم چیرۆکەدا نادیارە، ناوی هیچکام لەو دوو وڵاتە نازانین کە لەشەڕدان. تەنها ناوی دوو کەسایەتی سەرەکیی چیرۆکەکەمان بۆ ئاشکرایە. بەم جۆرە دەتوانین ناوەڕۆکی ئەم چیرۆکە بۆ زۆر دۆخی تر بگشتێنین. لویجی لە دەرفەتێک دەگەڕێ تا تۆڵەی خۆی لە ئالبێرتۆ بکاتەوە، کەسێک کە بە قسەی ئەو «دوژمنە». ئەم چیرۆکە تانەیەکە بۆ ئەوانەی پێیانوایە لە کاتی شەڕدا دەکرێ زۆر مرۆڤ بکوژێ، بەبێ هیچ لێپرسینەوەیەک. تەنانەت بۆ ئەم کارە دەستخۆشیت لێ دەکرێ و میداڵیشت پێ دەدرێ. بەڵام هەر کە شەڕ دوایی هات، کوشتنی کەسێک، ئەگەر تەنانەت دوژمنیش بێ، تاوانە و سزای خۆی هەیە!**

# ئەو شارەی کە خەڵکەکەی هەموو دز بوون

ئیتالۆ کالڤینۆ
وەرگێڕانی: بێهنام یوونسی

شارێک هەبوو کە هەموو خەڵکەکەی دز بوون. شەوانە لە دوای خواردنی شێو، هەر کەسێک دەستەکلیلەکەی و چرا لەنتەرێکی هەڵدەگرت و لە ماڵ دەردەپەڕی بۆ دزی لە ماڵە هاوسایەکەی. نزیکی بەیانی بە دەستی پڕەوە دەگەڕایەوە بۆ ماڵەکەی خۆی کە ئەویش هەر لەلایەن کەسێکی دیکەوە دزی لێکرابوو. بەمشێوەیە هەموو خەڵک لە پاڵ یەک، بە خۆشی و شادمانی ژیانیان دەبردە سەر. چونکە هەر کەسێک لە کەسێکی دەدزی و ئەویش لە کەسێکی دیکە و هەروا دزییەکانیان بەردەوام دەبوو، تا دەگەیشتە کەسی ئاخر کە ئەویش لە کەسی یەکەمی دەدزی. کار و کاسبی و کڕین و فرۆشتنیش لەم شارەدا، هەر بەم شێوەیە دەکرا: هەم لەلایەن فرۆشیارەکانەوە و هەمیش لەلایەن کڕیارەکانەوە. دەوڵەتیش بەشبەحاڵی خۆی هەموو هەوڵی ئەوە بوو کە حەق و حسێبێکی زیاتر لە خەڵکی بستێنێ و زیاتر گیرفانیان ببڕێت و خەڵکیش بەشبەحاڵی خۆیان هەموو هەوڵیان ئەوە بوو تا دەتوانن زیاتر کڵاو لەسەر دەوڵەت بنێن و نەک هیچیان بۆ دەوڵەت لێ هەڵنەوەرێ، بەڵکوو زیاتریشی لێ بکێشنەوە. هەر بەم هۆیە لەم شارەدا ژیان بە هێمنی تێدەپەڕی و نە کەس زۆر دەوڵەمەند دەبوو، نە کەسیش زۆر هەژار و داماو.

ڕۆژێک – چۆن بوو، نازانم – پیاوێکی بەڕەوشت و ڕاست کردار، لەو شارەوە تێپەڕی و بڕیاری دا ببێتە دانیشتووی ئەوێ. شەوانە بەجێی ئەوەی بە دەستەکلیلەکەی و چراڵەنتەرێکەوە، بە کووچە و کۆڵانی شار وەربێ بۆ دزی و ماڵی خەڵک بڕین، هەر کە شیوەکەی دەخوارد، جگەرەیەکی دادەگیرساند و دەستی دەکرد بە خوێندنەوەی ڕۆمان. دزەکان دەهاتن و دەیانبینی چرای ماڵەکەی داگیرساوە، ڕێگەیان لار دەکردەوە و دەڕۆشتن. دۆخەکە هەروا دەچووە پێش، هەتاوەکوو خەڵکی شار هەستیان بە بەرپرسایەتییەک لە حەندای ئەم تازە دانیشتووەی شارەکەیان کرد و ویستیان بۆی ڕوونبکەنەوە کە مادام خۆی حەزی لەو کارە نییە، بەڵام مافی ئەوەی نییە تەداخولی ئیشی خەڵک بکات و بەریان پێبگرێت. هەر شەوێک ئەو لە ماڵ بمایەتەوە، بەو مانایە بوو کە بنەماڵەیەکی شار، بە زگی برسی سەر دەنێنەوە و بۆ ڕۆژی دوایش شتێکیان بۆ خواردن نییە.

بەم حاڵەوە کابرای بەڕەوشت، لە ئاست ئەم هۆکارەدا، دەیتوانی چ قسەیەکی بۆ گوتن هەبێت؟ کەواتە ئێواران دوای ئاوابوونی خۆر، ئەویش لە ماڵ دەردەپەڕییە دەر و وەک داوایان لێکردبوو، نزیک بەیانی دەگەڕایەوە بۆ ماڵ. بەڵام خۆی دەستی نەدەدایە دزی و ماڵی خەڵک بڕین. چونکە ئەو پیاوێکی بەڕەوشت بوو، فێری ئەو کارانە نەبوو. دەچووە سەر پردەکەی نێو شار دەوێستا و بۆ ماوەیەکی درێژ سەیری خوڕەی ئاوی چەمەکەی دەکرد و دواییش کە دەگەڕایەوە بۆ ماڵ، دەیبینی ماڵەکەی دز لێیداوە و بڕیویانە.

لە ماوەی کەمتر لە هەفتەیەکدا، کابرای بەڕەوشت هەموو دارونەداری خۆی دانا و هیچی بۆ خواردن نەما و ماڵەکەشی ڕووت کرابووەوە و هیچی تێدا نەمابوو بۆ ژیان. بەڵام کێشەکە لەمەدا نەبوو. چونکە ئەم دۆخە لە ئەستۆی خۆی بوو، دەستی کەسی تێدا نەبوو. نا، کێشەکە شتێکی دیکە بوو. کێشە لەوەدا بوو کە ئەم کابرایە بەم ڕەوشتەی خۆی، ڕقی هەموو خەڵکی شاری هەستاندبوو. ئەو هێشتبووی هەموو دارونەداری بدزن و ڕووتی بکەنەوە، بێ ئەوەی خۆی دەست بۆ ماڵی کەس درێژ بکات. بەم شێوەیە، هەموو شەوێک کەسێک بوو کە دوای دزی و ڕووتکردنەوەی ماڵێکی شار، دەیبینی ماڵەکەی خۆی دەستی بۆ نەبراوە. ئەو ماڵەی کە کابرای بەڕەوشت دەبوو ڕووتی بکاتەوە و دزیی لێبکات.

بەم حاڵەوە، پاش ماوەیەک، ئەوانەی کە شەوانێکی زۆرتر، ماڵەکەیان دزیی لێ نەدەکرا، کەم کەم باری ماڵییان لەوانی دیکە باشتر دەبوو. بە پێچەوانەشەوە، ئەو کەسانەی زیاتر لە چەند جار، دزییان لە ماڵی کابرای بەڕەوشت دەکرد –کە چیتر شتێکی وەهای لەنێو ماڵەکەیدا نەمابوو بەکاری دزین بێت-، بە دەستی بەتاڵەوە دەگەڕانەوە و باری ماڵییان ڕۆژبەڕۆژ خراپتر دەبوو، نەدار و هەژار دەکەوتن.

هەر بۆیە ئەوانەی کە باری ماڵییان باشتر ببوو، وەکوو کابرای بەڕەوشت ئەو خووەیان کردە پیشە کە شەوانە لە دوای خواردنی شێو، دەچوونە سەر پردە دارینەکەی شار و سەیری خوڕەی ئاوی چەمەکەیان دەکرد. ئەم بابەتە، بارودۆخی شێواوی شارەکەی شێواوتر دەکرد. چونکە بەو مانایە بوو کە دیسان کەسانێکی زیاتر لە خەڵکی شار، دەوڵەمەندتر دەبن و ئەوانی دیکە تا دێ هەژارتر و نەدارتر دەمێننەوە.

کەم کەم ئەوانەی وا باری ماڵییان باشتر ببوو و ڕوویان کردبووە پیاسە و ڕابواردن لەسەر پردە دارینەکەی شار، زانییان کە بێت و درێژە بەم ڕەوشتە بدەن، هەموو دارایی و سامانیان تەواو دەبێت و بیریان لەوە کردەوە کە چۆن دەبێ مووچەیەک بۆ هەژارەکان ببڕینەوە و شەوانە لە جیاتی ئێمە، بچنە دزی و ماڵی خەڵکمان بۆ ببڕن؟ گرێبەستەکان نووسران و واژۆ کران و مووچەکان دابین کران و بەشی هەر لایەکیش دیاری کرا: هەڵبەت ئەوان بە گشتی هێشتا هەر دز بوون و تەنانەت لەم گرێبەستانەشدا، هەموو هەوڵیان بۆ ئەوە بوو کڵاو لەسەر یەکتر بنێن و هەرکام لە لایەنەکانی گرێبەستەکان، بە دزییەوە شتێکی لەویدی دەکێشایەوە و ئەویش لەویدی و... هتد. بەڵام هەروا کە ڕەسمی ئەم جۆرە گرێبەستانەیە، ئەوانەی کە دەوڵەمەندترن، هەر دەوڵەمەندتر دەبن و ئەوانەش کە هەژارترن، هەر وا هەژارتر و بێ سامانتر دەمێننەوە. هەندێکیش ئەوەندە دەوڵەمەند بوون کە چیتر بۆ دەوڵەمەندبوون نە پێویستیان بە ڕاستەوخۆ دزیکردن هەبوو، نە پێویستیشیان بەوە بوو کەسێک دزییان بۆ بکات. بەڵام کێشەکە لەوەدا بوو کە ئەگەر وازیان لە دزی هێنابا، دیسان هەژار دەبوونەوە، چونکە لە هەر بارودۆخێکدا هەژارەکان دزییان لێ دەکردن. بۆیە بیرۆکەیەک بە مێشکیاندا تێپەڕی: هاتن هەژارترین کەسەکانیان دامەزراند کە لە ئاست هەژارانی دیکەی شاردا، چاودێریی ماڵ و سامانیان بۆ بکەن. بەوجۆرە دایرەی پۆلیس دامەزرا و بەندیخانە لە شاردا ساز کرا.

بەم شێوەیە هێشتا چەند ساڵ بەسەر هاتنی کابرای بەڕەوشت و ڕاست کرداردا بۆ ئەو شارە تێنەپەڕیبوو کە چیتر لە شاردا هیچ باسێک لە دزیکردن لەنێو خەڵکدا نەما. ئێستا ئیتر هەموو قسەکانی خەڵکی شار، باسی دارا و نەداران بوو، بەڵام لەڕاستیدا، هەموویان هەروا دز مابوون.

